Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 179 – 195
http://www.ijoks.com

# The Features and Meanings of Some Similar Kurdish Words in Khani's and Mawlawy's Poems

***Mohammad Ahmad Saed*[1]**

**Received**: April 23, 2016 **Reviewed**: May 02, 2016 **Accepted**: July 22, 2016

## Abstract

The present study entitled "The Features and Meanings of Some Similar Kurdish Words in Khani'sand Mawlawy's Poems" which is an analytical and descriptive study. The purpose behind this study is to highlight those similar words that have identical features and meanings and can be found in the texts of both poets. The first axis of the study is specified to give a brief account of both Kurmanji and Goran dialects along with a synopsis of the both poets biography. In their lives, poetshad their own influence on the Kurdish poetry and literature, on the one hand Khani affected the nationalist concept and ideology, on the other hand Mawlawy had his own effect in employing his natural imagery and his lyrical themes. The second axis of this study is devoted to tackle the reasons behind resemblance between Kurdish dialects in some grammatical cases. and referring to those words that are used by both poets with the same meaning and imagery. The number of the similar words that are found in Mawlawy's anthology and Khani'sMumwzin is approximately 30 -40 words. Those words taken from the mentioned sources are the data of analysis of this study which are used in poetical phrases and sentences. One of the findings of this study is that despite of having some sound differences between Kurdish dialects, those variations have little effect on the standardization of the Kurdish language. However, the Kurdish language with its different dialects is an authentic, genuine, old and consistent language.

**Recommended citation:**
Saed, M. A. (2016). The Features and Meanings of Some Similar Kurdish Words in Khani's and Mawlawy's Poems. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 179 – 195.

1 Professor, Department of Kurdish language, Faculty of languages, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region – F.R. Iraq. E-mail; Mohammed.saeed@univsul.edu.iq

## سیما و واتای هەندێ وشەی لێکچوو لای ئەحمەدی خانی و مەولەوی تاوەگۆزی

محەمەد ئەحمەد سەعید

### پێشەکی

ئەم ڤەکۆلینە ڤەکۆلینەکی وەسفی و شیکاری یە مەبەست لێی ئاماژە کردنە بە هەندێ لەو وشانەی کە سیماو واتایان وەک یەکن کە لای هەردوو شاعیر ئامادەیی یان هەیە لە سەرەتادا وەک تەوەرێک باسێکی کورتی هەردوو دیالێکتی کرمانجی و گۆران و کورتەیەکی ژیان و رۆڵی هەردوو شاعیر لەگەشەی شیعر و ئەدەبی کوردی دا لە خۆ ئەگرێ ،مەولەوی بە ئاراستەی وێنە و سرشت و بابەتی لیریکی دا خانیش بە گەشەی بیرو هزری نەتەوەیی کورددا وەک دوو مەبەستی شیعری

تەوەری دووەمیش رووی لێکچواندن نێوان هەردوو دیالێکت لە رووی هەندێ بواری ڕێزمانی و دۆخەوە.

هەروەها کورتە هەڵسەنگاندنێک و ئاماژەدانە بەو وشانەی لای هەردوو شاعیر بە یەک واتا و وێنە دووبارەن کە نزیکەی (40 بۆ 50) وشەن کە لەدیوانی مەولەوی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی حزوریان هەیە چ وشە وەک خۆی چ لە نێو رستەی شیعرەکان دا ئەوە ئەگەیەنێ کە زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتەکانیەوە زمانێکی رەسەن و دێرین و تۆکمەیە جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی کاریگەرییەکی ئەو تۆی نیە لەسەر بەستاندارد بوونیەوە جیاوازییەکانیش تەنها لە رووی دەنگەوەن یان کاریگەری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش هەر ئەو بەکارهێنانەش وای کردووە ئەو وشانە لە نێو زمانی کوردی دا بتوێنەوە و ببنە موڵکی زمانی کوردی بە تایبەتی وشە کلاسییەکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵات.

### تەوەری یەکەم

بێ گومان زمانی کوردی بە هەموو بەشە دیالێکتەکانیەوە خاوەنی کلتور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتێکی مەزن و فراوانە لە نێو دیالێکتەکانیدا هەردوو دیالێکتی گۆران و کرمانجی سەروو بەرهەمبَکی زۆری ئەدەبیاتی کوردی یان پێ نووسراوەتەوە و کۆمەڵێ شاکار و بەرهەمی دانسقەیان هەیە چونکە زمانەکەش وەک زمانێکی فرە گر و فرە دیالیکتە ئەبینین کۆمەڵێ وشەو زاراوە لە نێوان دیالێکتەکانی دا هەن بەیەک واتا و سیما لە بەرهەمە ئەدەبیەکان دا هاتوون.

دیالیکتی گۆران وەک لەسەرچاوەی ئەدەبی و مێژوویەکان دا باس کراوە بە هەموو شێوە زارەکانیەوە یەکێکە لە دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانی کوردی و گەلێ لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسان بێگانە و خۆمانە ئاماژەیان بۆ کردووە و گرنگی سەنگینیان دەرخستووە کۆنترین بۆچوون لەلایەن شەرەفخانی بەدلیسیەوە هەم وەک ئاخاوتن و هەم وەک ناوچە و عەشیرەتە کوردییەکان باس لێوە کردووە (١)

دیسان وەک دیالێکت یان زمانی قسەکردنی ناوچەیەک تۆفیق وەهبی بەم جۆرەی دەستنشانکردووە شێوەی گۆرانی لە خەتی سنە و کرماشان بەرەو غەرب لە هەندێ دێهات لە حدود زۆر نە دووری عێراق و ئێران دا قسەی پێ ئەکرێ لە عێراق دا شێوەی هەورامی زەنگەنە کاکەیی گۆرانیە لە ناوشێوەکانی کوردی دا لە هەموویان زیاتر سروشتی ئاوێستای پێوە دیارە.(٢).

جەمال نەبەز ئەڵێ زارەوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لە هەورامان و ناوچەی زەنگەنە و ناوچەی کاکەکییەکان لە کەرکوک قسەی بێ دەکرێ و بە زمانی ماچۆ نێوی رۆیوە زاراوەی گۆران ڕۆژێ لی ڕۆژان زمانی رەسمی میرنشینی ئەردەڵان و ماوەیەکیش هی بابان بووە. (٣)

ماشاء الله سوری نووسیویەتی(گۆرانی دیالێکتێکە و لەم بێچووە زارانە پێکهاتووە هەورامی، لەکی، کرمانجی، کوردی کرماشانی.(٤)

بەپێ لێکۆڵینەوەکان کە کۆبەندیان ئەوەیە دیالێکتی گۆران لەم بەشانە پێکهاتووە (هەورامی ،کەنوولەیی، گەهوارەیی، باجەلانی ،کاکەیوزەنگنە،هەروەها زازاش کە لەم شوێن و ناوچانەی کوردستان قسەیان پێ ئەکرێ لە هەردوو دیوی

ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاواو و ریزە شاخەکانی هەورامان و سەرووی شاری خانەقین و نێوان قەسری شیرین و کرماشان و و سەرووی ڕۆژهەلاتی کرماشان و ناوچەی کاکەیی و زەنگەنە لە دەورووبەری شاری کەرکوک و هەندێ گوندی دەوروبەری شاری موسڵ و ناوچەکانی دەرسیم و بین گول و خەرپوت و سیوە رەک و لەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستان (٥)

کۆنترین دەقی ئایینی و ئەدەبی و دیالیکتی گۆران بۆ سەدەکانی سێ یەم و چوارەمی کۆچی ئەگەڕێتەوە ئەویش دووبەشن تێکستە ئایینی یەکانی ئاینی یارسان ،هەروەها کۆمەڵی دەقی شیعری تری شاعیران بێسارانی و سەیدی هەورامی و خانایقوبادی ومەولەوی کۆمەلێ شاعیری

لە ناو بەشە دیالێکتەکانی گۆران دا هەورامی بووە بە زمانی ئەدەبی ئەو ناوچانە کە لە سایەی میرنشینی ئەردەڵانەوە لە برەودا بووە تاوەکو سەدەی نوزدەهەمی زاینی خایاندووە.

سەبارەت بە دیالێکتی کرمانجی سەرووش وەک لە سەرچاوە مێژویی و ئەدەبیەکان دا هاتووە بە تایبەتی لە شەرەفنامەدا ئاماژەی پێ کراوە کە کوردان بە جیاوازی هەندێ لە ئاخاوتن دا بە لە یەک نزیکیانەوە لە کرمانجی و گۆران و کەلهور و لوڕ پێکهاتووە (٦)

پاشان نووسەران و لێکۆلەران کرمانجی سەروویان بەم شێوەیە دابەشکردووە توفیق وەهبی کرمانجی کردووە بە دوو بەشەوە کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو (٧)

جەمال نەبەز نووسیویەتی زارەوەکانی بۆتانی و جزیری و هەکاری و بادینی ئاشیتەیی و بایەزیدی دەگرێتەوە کە زاراوەی جزیری بەسەر هەموویان دا زاڵ بووە خۆی کردووە بە شێوە ئەدەبی ئەم کۆمەڵە (٨)

د. کمال فؤاد ناوی ناوە کوردی ڕۆژئاوایی ، کرمانجی سەروو نووسیوێتی کوردەکانی تورکیا بێجگە لە زازا ،سوریا ،یەکێتی سۆڤێت ناوچەی بادینان لە کوردستانی عێراق لە ورمێ بەرەو ژوور تا سنوری یەکێتی سۆڤێت لە کوردستانی ئێران قسەی پێ ئەکەن لە گەلێ بێچووە زار پێکهاتووە کە گرنگترنیان ئەمانەن (عفرینی ناوچەی چیای کرمانج لە باکوری ڕۆژئاوای حەلەب ، جزیریی ناوچەی جزیرە لە کوردستانی تورکیا ، ڕۆژئاوای روباری دیجلە لە هەردوو دیوی سنوری سوریا و تورکیا لەدیار بەکر تا نوسەیبین هەکاری ناوچەی هەکاری لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا بادینی ناوچەی بادینان لە کوردستانی عێراق نێوان زێ ی گەورەو و رووباری دیجلە جگە لە باجەلان کە زاراوەیەکی گۆرانی یە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵە، بایەزیدی نێوان وان و بایەزیدی کوردستانی تورکیا هەروەها شکاکی و سنجاری (٩)

کۆنترین بەڵگەی ئەدەبی کوردی کرمانجی سەروو شیعرەکانی عەلی حریری و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم و حەڤدەخەمی زاینی لەو کاتەوە جزیری بووە بە زمانی ئەدەبی ئەم کۆمەڵە

زاراوەیە لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانەوە 22/4 /1898بووە بە زمانی نووسین لە یەکێتی سۆڤێتیش بە پیتی سریلک و لە تورکیا بە لاتینی و لە عێراق و ئێران بە پیتی عەرەبی ئەنوسرێن جزیریش بە واتای زمانی ئەدەبی و نووسینی کرمانجی سەروو لە کاریگەریی زاراوەکانی تری زمانی کوردی و دەوروپشتی بەدەر نیە.

**ژیانی هەردوو شاعیر**

خانی یەکێکە لەو شاعیرە هەڵکەوتوانەکورد کە لە نێو دڵی هەموو میللەتی کورد ئەژی دانسقەیەکە لە دەریای ئەدەبی کوردەواریی لە ساڵی 1650 زاینی لە ناوچەی بایەزید لە دایک بووە لە تەمەنی 58 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە هەر لە بایەزید نێژراوە لە زۆربەی حوجرە و مزگەوتەکانی باکوری کوردستان دا خوێندویەتی گەڵێ شاکاری بۆ بەجێ هێشتووین وەک مەم و زین نوبارا بچووکان و عەقیدا ئیمان ئەتوانین بڵێین هەم شاعیر و هەم زانا و هەم فەیلەسوف بووە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا سیما و مۆرکی بیر و هوزری نەتەوەیی خستوتە روو هەمیشە بانگەوازی یەکگرتن و یەکێتی کوردانی کردووە رەخنەی توندی لە میر و گەورانی کورد گرتووە ناکۆکی و ململانی یەکانی کۆمەڵی کوردەواری سەر کۆ نەکردووە بەوەش لە ریزی رابەرانی بیری نەتەوەیی کورد حسیب ئەکرێ رۆستا فیلی باشی وتووە کە ئەڵێ لە رۆژهەلات دا سێ شاعیر ئەبێ میللەتەکەیان شانازی پێوە بکەن فیردەوسی لە فارس دا نیزامی لەناو ئازەردا خانی لە نێو کوردان دا

بە نۆبارەکەی هەوڵی ئەوەی داوە کە فەرهەنگێکی کوردی بۆ منالآنی کورد دانێ بەوە فێری زمانی عەرەبیان بکات.

مەولەوی سەید عبدالرحیمی تاوەگۆزش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە بنەچە و ناوچە خەڵکی هەورامان نەبووە بەڵام زۆربەی شیعرەکانی بە هەورامی –گوران نووسیوەتەوە لەساڵی( 1221ک-1806ز) کۆچی لە سەرشاتەی تاوەگۆزی هاتووەتە دونیاوە ئەویش بۆ خوێندن چووتە مزگەوت و حوجرەکانی باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆربەیاندا وەک مەلا و ئیمام دامەزراوە یەکێکە لەو ئاعیرانەی کورد کە هۆگری سرۆشتی کوردستان بووە،کە بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکەی داگیر کردووە بە شیعرە لیریکییەکانی شیعری کوردی بردووەتە ئاستێکی بەرزی رۆمانسیزم ئەگەر شیعرەکانی وەربگێرایەسەر زمانە ئەوروپاییەکان ئەمیش لە پاڵ هۆگۆ و شاعیرە رۆمانسیزمەکانی ئەوروپا دا ناوی ئەهێنرا چونکە چەندین نیشانەی رەگەزی رۆمانسیزمی وەک وەسفی سروشت و گەرانەوە بۆو هەروەها چەند دەقی سۆفیانە و بابەتی شین و لاواندنەوە و عیرفانی کە هەموویان نیشانەی پایە بڵندیەتی بەوەی سەلیقەیەکی زمانەوانی بەرزی هەبووە توانیویەتی لە هەموو بابەتەکانی شیعردا سەرامەد بێ، جگە لە دیوانێکی شیعریی چەندین بەرهەمی وەک العقیدە المرچیە(عەقیدەی مەرزیە) بە کوردی تاوەگۆزی نووسیوێتی الفچیلیە بە زمانی عەرەبی الفوائح بە زمانی فارسی کە هەرسێکیان باس لە عیرفان و

زانستەکانی کەلام و ناسینی خودا و رێبازە ئایینیەکانی ئاینی ئیسلام و هەروەها عاقیدەی مەولەویش ئەمانە وایان کردووە نێو بانگێکی بەرزی هەبێ لە رۆژهەڵات و بە تایبەتی لە نێو فارس و کوردان دا مەولەوی ساڵی( 1882 ز -1300ک )کۆچی دوایی کردووە لە گۆرستانی ئەسحابە لە نزیک گوندی سەروشاتە بە خاک سپێراوە.

**تەوەری دووەم**

لەم تەوەرەدا هەوڵ ئەدەین هەندێ لێکچوونی دۆخی رێزمانی نێوان هەردوو دیالێکتەکە باس بکەین و کۆمەڵێ وشە و زاراوەی نێو هەردوو کیان بکەینە نموونە لە نێو دەقە شیعرییەکان بەیەک واتا و سیما و بەکارهاتوون لێکچونیان زۆر لەیەکەوە نزیکن بە تایبەتی ئەو وشانەی کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی رۆژهەلات دا حزوریان هەیە وەک ئاشکراشە ماوەی نێوان ژیانی هەردوو شاعیر نزیکەی 150 سال ئەبێ واتە خانی 1650 ز ساڵی لە دایک بونێتی ساڵی 1710 کۆچی دووای مەولەویش ساڵی 1806 ز لە دایک بونێتی و ساڵی 1882 کۆچی دوایێتی

سەبارەت بە لێکچوونی دۆخی رێزمانی لە هەردوو دیالێکتەکەدا بەم شێوەیە دۆخی ریزمانی بەرجەستەکراو هەیە ووەک یەکە ،ئەویش کاتی مۆرفیمێ ئەچێتە سەر ئەو فرێزە ناوییانەی کە ئەبنە بکەری کرداری رابردوو و بەرکاری کرداری رانەبردوو و فرێزی ناوی دوای ئامرازی پەیوەندی کە ئەبنە دەرخەر ئەویش بە بۆ چونی چۆمسکی مۆرفیمی ریزمانیە ئەبی دەر کەوتووبی یان دەر نەکەوتوو دەر ئەکەون ،لێکچوون لە نیوان مۆرفێمەکانی دۆخی ریزمانی لە هەردوکیان دا هە یە و وەک لە م خشتە یە دا

| | | |
|---|---|---|
| | هەورامی | کرمانجی |
| تاکی نێر | ی | ی |

| | | |
|---|---|---|
| تاکی مێ | ێ | ێ |
| کۆی نێرو مێ | ا | ا ن ،ا |

مۆرفیمی (ی) وەک مۆرفیمی دۆخ لە هەردوو دیالێکتەکەدا هەڵگری ئەم نیشانانەن دۆخی ڕێزمانی ،تاکێتی ،توخمی نێر

هەروەها( ێ ،ێ) بە هەمان شیوە هەڵگری نیشانەی دۆخی ڕێزمانی و تاکێتی و توخمی مێ یە

مۆرفیمی (ا) لە هەورامی دا و (ان، ا) لە کرمانجی دا هەڵگری نیشانەی دۆخی ڕێزمانی وکۆو توخمی نێرو مێ

لێرەدا تەنها نموونە بۆ ئەو فرێزە ناویانە ئەهێنینەوە کە مۆر فیمی دۆخ وەرئەگرن وەک بکەری کرداری تێپەری هەردوو دیالێکتەکە وەک یەکن

بکەری کرداری تێپەر لە هەردوو دیالیکتەکە**(*)**

نموونە

| | | |
|---|---|---|
| بۆ تاکی نێر | هێمنی نانش وارد | هەورامی |
| | هێمنی نان خوار | کرمانجی |
| بۆ تاکی مێ | شلێریێ نانش وارد | هەورامی |
| | شلێرێ نان خوار | کرمانجی |
| بۆ نێری کۆ | ئا کوڕا نانشا وارد | هەورامی |
| | ئەوان کوڕان نان خوارن | کرمانجی |
| بۆ می کۆ | ئا کناچا نانشاوارد | هەورامی |
| | ئەوان کچا نان خوارن | کرمانجی |

(*) ئەم زانیاریە لە پ،د فەریدون عەبدول محمد وە وەرگیراوە لە توێژینەوەیەکی ئامادەکراو و بلاو نەکراوەدا هاتووە بە ناو نیشانی (لێکچوونی دۆخی ڕێزمانی لە نێوان شێوە زاری هەورامی وزاری کرمانجی ژورودا ) ل 1.2.3

ئەمەش کەرەسەو نموونەی ئەو وشانەن کە لای هەردووکیان وەک یەک واتا و سیما هاتوون.

ناسوت: سروشتی مرۆڤایەتی

ئەشباح مورەسسەمن ژ ناسوت

ئەرواح موەسسە من بە لاهوت . مەم زین ل4

پیر پاک جەگەرد خاک ناسووتی

مەنزڵگەی سەربەرز سەر مەڵەکوتی دیوانی مەولەوی ل 293.

پورتەو: تیشک

ناسوت ئەگەر چی رەنگ ئاڵە

لاهوت ژ پورتە دا جەمالە مەم و زین ل4

گوم بی چوون خورشید ئەو نەپرتەودا

گوم بی ئەهلی عیلم نەشوڵەی ئەودا مەولەوی ل 367

یەیقەل: مشت وماڵ کردن سپی کردنەوە مەم وزین ل2

ئەی شوکرێ تەجەوهەرا زەبانێ وەی زیکرێ تەیەیقەلا جەنانێ

مەیەقەل جی سەواو ئامێتەکەی دڵ غەوایٔ دانە دریاچەی موشکل مەولەوی ل233

نوما : نواندن

ڤاهیرتە ئەگەر نومایە یوغرا

بان ئەوە نەخشێ خامە کوبرا مەم وزین ل 4

سەروو باڵایێ حۆری نومایێ

خورشید جلایێ غیلمان ئاسایێ مەولەوی ل 505

رەشک: ئێرەیی داخ وخەفەت زیادکەر

حوسناتەیە زینەتا حەبیبان

رەشکاتەیە غیرە تا رەقیبان مەم و زین ل 7

خورشید سەمای شیرین جەمالان

رەشک ئەفزای گرۆی دیدە غەزالان مەولەوی 189

تەزەروو: دیکل جەنگەڵی کەڵەشێر

باڵای بلند تەدایە سەروان

پابەند بەلا تەدا تەزەرووان                    مەم و زین ل 8

هەمسەر ب مەقامی سیدرە سەرووەک

مانەندی فریشتە هەر تەزەرووەک                    مەم و زین ل 124

بولبول گوڵشەن بێ نام و نەنگی

تەزەروو سەرسەر باخچەی بێ ڕەنگی                    مەولەوی ل 73

نەوا: خونیدنی ئاواز

خوەش رەنگی نەدا گیای ێور گول

خوەش دەنگی نەوا نەدای بولبول                    مەم ز زین ل8

قومری سەڵایی بولبول نەوایێ

لالە لیوایێ ئاهو نیگا یێ                    مەولەوی ل 506

ئاینە: ئاوێنە

ئاینە تە چێ کرن مو کەرڕەر

خوسناخو دوان نەکر موێەوەر                    مەم وزین ل9

وان دیتی و باغێ دا سەرایەک    ئاینەیێ جەم جیهان نومایەک    ل 132

ئاینە کامڵ ئازیزەکەی فەرد

فیدای ئامات بم ێەفاییت ئاوەرد                    مەولەوی ل 47

تەشنە: تینوو

لەب تەشنە گەلەب دکن زەلالی

وی دانەجێ زولف خالێ مەم و زین ل 9

لەورا کو دو تەشنە لەب دبێ گاف

بێ تاب ببن ژ بۆ فڕەک ئاب مەم و زین ل 110

تەژنەی گیبان وە لەب سەودای سەبووری

کەفتە بیم نە گێچ دەریاکەی دووری مەولەوی ل 115

زیل و بەم ، زیر و بەم: دوو ئامیری موسیقین

سازێ دلی کول ب زیرو بەم بت

سازندەی عیشقێ زین و مەم بت مەم وزین ل 30

یەدای زیل و بەم مەینەت یەو تەرزەن

خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن مەم وزین ل 21

گوزیدە : بژاردە

ئەو بارەیە گیفلە نەو رەسیدە

هەرچەندی نهن قەوی گوزیدە مەم وزین ل 31

وەش ئامای رەخەیر هەی بەرگوزیدە

بۆ نەجای مەردوم جاگرنە دیدە مەولەوی ل 475

ماە تاماهی:مانگ هەتا ماسی

ئاپارێ شەجاعەتا وی شاهی

داگرت ژ ما تا ماهی مەم وزین ل35

باعپ و جود جەما تا ماهی

دەلیل ابیات ێنع ئیلاهی مەولەوی ل60

مەلال: عاجز

حوران کره مەسکەنێ خوه جەننەت

بێ پەرده و بێ مەلال و میننەت مەم وزین ل 45

شاهید دانای گردین ئەحواڵان

وەسەن پەی راسی عەرزەی مەلالان مەولەوی ل 173

گیسوو: بەرچەم

کاکۆل کربوونەگوره هەرسو

پەرچەم کربوونە زولف و گیسوو مەم و زین ل 47

خەدەنگ: تیر

وان گو بشیر و شەش پەرن ئەو

یا نه ب خەدەنگ و خەنجەرن ئەو مەم وزین ل 49

یاکەرده بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ

وەخت نیشانەی دڵان پەی خەده نگ مەولەوی ل 7

دلفگار: شەکەت ، گرفتار

یانه وەهه ئەم چرا نکارین؟

مەجروح و چهعیف و دل فگارین مەم و زین ل 54

کەرەم دەر نەدەس رجای ئەو گاران

بۆ بەخشەم وە عەشق مزنەی یاران مەولەوی ل 27

زەنگڵ: زەنگۆلە زەنگڵە

دیتن خوە ب پاچە بەند و زەنگڵ

پەرواز و فڕین محال و موشکیل مەم و زین خانی ل 53

وێنەی عوقدەی پێچ ریشەی ئەروا و دڵ

بەستە بۆ جەم نم خووی مۆبەت زەنگڵ مەم و زین ل 162

پەرواز: فرین هەمان دێری خانی ل 53

چەم چون شابازی وێڵ شکار بۆ

دایم باڵ پەرواز نەسەر دیاری بۆ مەولەوی ل 16

نگین : مۆرخانەی ئەموستیلە

پومنا پهمەنێد وان نگینان

پابت ب و قوفێ دوور بینان مەم و زینی خانی ل 54

چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەرد و بەرد

دەس ئەو دەس نگین تاخاتەم ئاوەرد مەولەوی ل 178

فدێ: فیدا، خۆبەخت کردن

حافڤ ژ وەرا مەگەر خودێ بت

جانی مە ژ بۆ وەرا فدێ بت مەم و زین خانی ل 57

جەرسەر قەلاوە مەگێڵوون پەی تو

دەک دیدەم دوو یەد جار فدێت بۆ مەولەوی ل16

جەما: کۆم بوون

هون جملە لە عەردەکی جەمابن

هەرچار ب مەقیەدا خۆشابن مەم و زین ل 70

جەم جەم سۆسەنان جەتاق تەوق وەران

سەردان نە هەردان پەرێ هام فەردان مەولەوی ل 474

چەنگ: یورنا،سەنتور،ئامێری موسیقیین

مەغنا و کەمانچە عود گە نبور

چەنگ و دەف و یۆرنا و سەنتور مەم و زین ل 78

چەنگ،مەغنی،مگرب

ساقی مەی هەی داد مەغنی چەنگێ

نەی چی هەی فریاد مگرب ئاهەنگی مەولەوی ل 95

چریکەی سرنا و پریکەی خەندە

پەشێویی زوڵفان ریشە دڵ کەندە مەولەوی ل 392

دەبدەبە: زوم و کوت

ڤێ دەبدە بێ وەکرنە شایق

بو زەلزەلە راکرنە خەلایق مەم و زین ل82

کووس: ناقور ،نەقارە ئامێری دەنگین

سازان مری حەی کرن وەکی ێور

کوس و دەڤ و کەڕەنا و ناقور          مەم و زین ل 84

نەکەردەن افگار دۆسەکەی کامڵ

سیوای وەمەی کووس خەیاڵەکەت دل          مەولەوی ل 24

گرمەی نەقارە و لرفەی شەر واڵان

خشُ◌ُپەی پامورەو زرنگەی خڕخاڵان          مەولەوی ل 392

نیهال: نەمام نەو نەمام نەمامی باغ  کچی هەرزەکار (پارچەڵە)

سەر گەﷲ غەزالێ دەست و دەوران

سەر گەشتە نیهالی باغ و وەردان          مەم و زین ل 126

سەمای دەسماڵان رەمای نەوهاڵان

نەمای مەلالان نمای وەش حاڵان          مەولەوی ل 412

ئەفشان: بڵاو بوونەوە

هەر چەند کو رەفع بوون تەکەللوف

لیکن ئەفشاند بون تەێەروف          مەم وزین ل 132

هانە یانەکەی بوو چ شەرەفدا

نور ئەخشانیشەن وەهەرترەفدا          مەولەوی ل

ئەلەست : ئەلەس ئاماژەیە بە فەرموودەکەی خودا الست بربکم

ئەم عاشقت ئەگەر مەی پەرستن

ئەما ژ مەیا ئەلەستێ مەستن          مەم و زین خانی ل 133

من رۆی مامەڵەی گردین خاس و کەس

جەو راسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس مەولەوی ل 173

کەچ: کەچ رەو و خوار

رونە تول تەختی شبهێ خوسرەو

تاجێ خوە بێ زێر بگیرە کە چ رەو مەم و زین ل

چار نیەن جەدەس جلیوە نەکەردەن

بسماللە ئەو تیغ ئێد کە چی گەردەن مەولەوی ل 32

بێ تۆ بەو خشوع دەس وە دوعاوە

کێ گەردەن کە چ بۆ نەو بارەگاوە مەولەوی ل 95

جان فزا: گیان زیدەکەرە روح نەفزا

پەروانەیێ گۆ تو رە هنومایێ

شەمعی وەە گۆ توجان خزاێ مەم وزین ل 180

نامەی روح ئەفزای شیرینت یاوا

دڵ وە مەرد و مەک دوو دیدەش ساوا مەولەوی ل300

وەلوەلە: هەراو هاوار خەمباری دەنگی دەف

بوو وەلوەلە و فیغان و زاری

بوو زەلزەلەو بەزین هەواری مەم و زین خانی ل 184

یاوەلولەی دەف شا دەروێش جۆشێ

بەو یەدای ریشەی دڵ ئاشناوە

یا جۆش سەمتور مگرب خرۆشێ

چەنێ ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە مەولەوی ل 70

باوەر نەکۆڕەی وەلوەلەی دەف دا

ڕوو پەند و تەوبیخ وەهەر تەرەفدا　　　　مەولەوی ل 71

شاخ ،شاخە :لق و پۆپ

بادام سیاە و چەشمی شەهلا

نار بیهو سێف و شاخێ باڵا　　　　مەم وزین خانی ل 190

گوشواه: گوارە

مەحبوبە لیباس و گوشوارە

ملکێ د منن نەموستەعارە　　　　مەم وزین خانی ل 32

چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد

گوشوارە نەگۆش نەو نەمامان کەرد　　　　مەولەوی ل 278

شەرمەسار: شەرمەزار

گەهە جەنگ دکر دگەل دلی ژار

کەی خاینێ شەرمەساری غەدار　　　　مەم وزین ل116

بارێ ئەرغەفڵەت دام تەندەن نەڕێت

نییەنی وە تەنگ شەرمەساریی دێت　　　　مەولەوی ل 214

نیچیر: ڕاوی گیانەوەری ڕاو کراو،ڕاوکردن

ڕابەستی سیلاح و گورز و شمشێر

بیلجوملە د گەل مە بێنە نێچیر　　　　مەم و زین ل 122

من نە چیرەکەی هەزار زام وەردە

هەر زامێ پەی وێش زورخاوسەرکەردە　　　　مەولەوی ل 51

هیجر: هیجران دوورکەوتنەوە

هندێ کو ژ هیجرێ بێ قەرارم

ئەو چەندە ژ تە ئومێدەوارم مەم و زین ل 149

چون بەدەن جەتاو هیجران باڵاش

ایلا هاز و هێز نەمەندەن جەلاش مەولەوی ل 37

ماسیوا: بیجگە

ئەڤ مومکین و ماسیوا سەراسەر

فیلجوملە ژ بۆ وی بونە مە نگەر مەم و زین خانی ل 151

ئەی گرد مەجودێ جەتۆ گرت مایە

مەو جود هەرتۆنی ماسیوا سایە مەولەوی ل 31

فیراق: دووری

یۆهتین تە بە ئاگرێ فیراقی

کوشتین تە ب دەردێ ئیشتیاقێ مەم و زین خانی ل 153

فیراقت فەرتم وەتوتیا کەرد

جیاییت ئازام جەهەم جیاکەرد مەولەوی ل 108

خامە : قەڵەم

ئەی خامە بێ سەر تراشێ بە دڕەنگ

بەس نامە بێ خوەش قوماشێ خۆش رەنگ مەم و زین ل 213

ئەی خامە تەژی گەلەک درێژکر

ئەڤ نامەبەسە تە پڕ قرێژ کر      مەم و زین خانی ل 212

یادا پێم نامەی شیرین خیتامەت

دەک دەک نەڕێز و پەنجەی خامەت                 مەولەوی ل 541

ئەمەش هەندێ لەو وشەو زاراوانەی کە لە پێشدا ئاماژەم بۆ کردن

هەروەها کۆمەڵێ وشەی تر هەن کە لە واتادا هەم لە سیمادا وەک یەک لای هەردوو شاعیر هاتوون وەک گیسوو، زیباو زوشت (سەبوو یەهبا) هەرس،خاتوون،هویەدا،سەرئەفگەندە،دەبدەبە،سەرشار،نیهال،دلگوشا،ماتەم،گەلسم،مگرب ،ئەشک جفت،ساقی،سەمتور،مەغنی،ناسۆر،غورە،گوستاخ،ئەغیار،ئەسپەردە،ئێزەد،دیپاچە،ئەشکەنجە،بەدکار،،پەیک،موژگان،هە مسایە،چەشمەنداز، سەهەند،گوداز،تادوایی.

وەک مەولەوی ئەفەرمێ

سەرحەڵقەی فیرقەی نازک خەیاڵان دیباچەی کیتاب ساحیب کەماڵان.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامە کە

-هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و گۆران مێژوویەکی دێرینیان هەیەو بەرهەمێکی فراوانی ئەدەبیاتی کوردی پێ نووسراونەتەوە.

-کۆمەڵێ رووی لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە لەرووی دۆخی ڕێزمانی و کۆمەڵێ وشە و فریز و رستەوە کە ئەوە ئەگەیەنێ لە یەکەوە نزیکن رێگا خۆشکەرێکە بۆ ستاندارد بوونی زمانی کوردی.

-ئەگەر چی ماوەیەکی مێژوویی لە نێوان هەردوو شاعیردا هەیە ئەبینین کۆمەڵێ وشەی کلاسیزمی ڕۆژهەڵات لە نێو دەقەکانیان دا حزوریان هەیە و بە یەک وێنە و واتا هاتوون.

-ئەو لێک نزیکیەش ئەبێتە مایەی تۆکمەبوونی زمانی کوردی لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم یەکگرتوویی زمانی کوردی.

**سەرچاوەکان**

١. شەرەفخانی بەدلیسی ،شەرفنامە،گۆرینی بۆ کوردی ،هەژار.1973 ل 29.

٢. توفیق وەهبی ،کرمانجی، لە کرمانجیەوە نیە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (5)و (6) 1940 ل 3.

٣. جەمال نەبەز. زمانی یەکگرووی کوردی.1976 ل22.

٤. ماشاء الله سوری ،سرودهای دینی،یاریسان ل19.

٥. د.کمال فؤاد،زاراوەکانی زمانی کوردی،زمانی ئەدەبی و ---------گۆڤاری زانیاری ،ژمارە (4) ل 21.

٦. شەرەفنامە، گۆرینی بۆ کوردی هەژار،ل29.

٧. گۆڤاری گەلاوێژ ،ژمارە (5) و(6) 1940 ل3.

٨. جەمال نەبەز. زمانی یەکگرووی کوردی.1976 بامبێرگ --رۆژئاوا ل22 بلاوکراوەی یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

٩. د.کمال فؤاد،گۆڤاری زانیاری ،ژمارە (4) ل 17 و 18.

(*) ئەم زانیاریە لە پ،د فەریدون عەبدول محمد وە وەرگیراوە لە توێژینەوەیەکی ئامادەکراو بلاو نەکراوەدا هاتوە بە ناو نیشانی (لێکچوونی دۆخی رێزمانی لە نێوان شێوە زاری هەورامی وزاری کرمانجی ژوروودا ) ل 1.2.3

١٠. مەم و زین ئەحمەدی خانی هەژار 1989،

١١. دیوانی مەولەوی مەلا عبدکریم مدرس